وەزیری پێشمەرگە: هاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزیری پێشمەرگە ڕایگەیاند، دڵنیابوینەوە هاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت،وتیشی هەوڵەکانیان بۆ سەرخستنی پڕۆسەی چاکسازی لە وەزارەتەکەیان چڕتر کردونەتەوە.

وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی، ئەمڕۆ دوشەممە، شێخ ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە پێشوازی لە کۆڵۆنێل دەک پایلویک، بەرپرسی نوسینگەی هاریکاری ئاسایش لە کونسوڵخانەی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و تیمێکی سەربازی یاوەری کرد.

لەبەشێکی کۆبونەوەکەدا، بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دەربارەی دوایین بەرەوپێشچونەکانی پرۆسەی چاکسازی و بنیاتنانی دو ناوچەی سەرکردایەتی سەربازی و فیرقەکانی پیادە لە وەزارەتی پێشمەرگە گفتوگۆکرا، وەزیری پێشمەرگە ڕایگەیاند: پرۆسەی چاکسازی بەردەوامەو هەوڵەکانمان بۆ سەرخستنی چاکسازی چڕترکردۆتەوە.

لەبارەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەزیری پێشمەرگە و بەرپرسی نوسینگەی هاریکاری ئاسایش گفتوگۆیانکرد، وەزیری پێشمەرگە ستایشی پشتیوانی بەردەوامی ئەمریکا و هاوپەیمانانی کرد بۆ وەزارەتی پێشمەرگە راشیگەیاند: "هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغی گەشەسەندن و بەهێزبوندایە بۆ ئەمەش پەیوەستمان بە هاوکاری دەستەکانمانە لە سەرو هەمویانەوە ئەمریکا، دەنیابوینەوە ئەمریکاو هاوپەیمانان لە هاوکاری و پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام دەبن."

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، کۆڵۆنێڵ دەک پایلویک رایگەیاند: بەردەوام هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەبین بە بنیاتنانی ژێرخانەکی سەربازی نیشتمانی بەهێز و بە ئامانج گەیاندنی پرۆسەی چاکسازی.